www.kurdistannet.org
14:33 27-7-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## گەردوون ئەمجارەش درۆی لەگەڵما کرد... کارزان حەمید

گەردوون لەوکاتەی ژیانی بەمن بەخشی تەنها لە کۆمەڵی غەم وکێشەو گرفت چیتری بەمن نەدا. لەو کاتەی منداڵ بووم تاکو ئێستاش بەبیرم دێ کاتێک گەردوون بێ رەحمانە دەیروانیە من وپێم پێدەکەنی ودەیگووت ئای چەند بەستە زمانە. ئای چەند گوناحە ئەو منداڵە نازانێ ئایندە چی بۆ ئامادە کردووە؟. کاتێک منداڵ بووم زۆر بە پەرۆشەوە بووم بۆ ئەوەی بگەم بە ئایندەو لەوێدا خۆم دروست بکەم وژیانی ناخۆشی وتاڵییەکانی منداڵی فرێبدەمە ناو زبڵدانەوە. بەڵام مەخابن تاوەکو ئێستاش هەر دەڕوانم وچاوم لەو ڕێگاییە بۆ ئەوەی بگەم بەئایندە کەچی هەر نەگەیشتم. بۆ چی ناگەم نازانم ئەبێ خواوەند بۆ چی نەهێڵی پێبگەم یاخود چی لێم دەوێت بۆ ئەوەی رزگارم بێت لەم ژیانە ناخۆشە پڕ لە مەینەتی وبێتامیە کە بۆ هەندێک بەهەشتێکە هەرگیز کۆتایی نایێت. وبۆ منیش دۆزەخێکە هەرگیز سارد نابێتەوە. دۆزەخێک کە نەخەمەکان تێدا دەسوتێن وبن بە دوکەڵێکی رەش لە ئاسمانی ئەو دۆزەخە ونە دەتوێنەوە وەکو ئاسنی گەرم کاتێک ئاسنگەر لێیدەدات بۆ شتێکی بەسوود.

گەردوون لەمنداڵی مندا دڵی خۆش دەکردم بەوەی ئایندەیەکی گەش چاوەڕێم دەکات وهەرئەوەندە. من خۆم دەرباز بکەم لەژیانی ناو خێزان وبنەماڵەدا. کەچی ئەو ئایندە گەشە کە گەردوون بۆمی باس دەکرد نەگەش بوو ونەدیتم!!ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەر نەمدیت. دەبێ بۆ من وابژیم وهەردەم کۆمەڵی غەم وگرفتی لابەلا لەسەر شانم وەکو جۆن کالفنی ڕەبەنی کریستیان باسی لێوە دەکات. بۆچی ناتوانم ئەوە بارە قورسە لەسەر شانم لابدەم ئاخۆ دەبێ ئەوەندە گەورە بێت دەستم بایی ئەوە نەبێت بارێک لابدەم. یاخود تەمەڵی وگێلی خۆمەو نەزانم چۆن چۆنی لادەربرێت.

کاتێک منداڵ بووم بە بیرم دێت وەکو ئێستا هەموو شتە جوانەکانی گەردوون لە پێش چاوم بوون. بێ ئەوەی نیشانەی درۆ وفرتوفێڵی تێدا بێت. ئەو کاتانە گەردوون لەگەڵم دەدوا وقسەی خۆشی بۆ دەکردم وفێری کرداری جوان وئاکاری چاکی فێرکردم. بەڵام دوای ئەوەی تەمەنم گەیشت بە... گەردوون دزی لێکردم وگەورەترین گەوهەری لێبردم وتاوەکو ئێستاش نەیدامەوە. ئەوە کاتەش هەر وەکو ئێستاش بەبیرم دێت پێم گووت: ( (بۆچی وات لێکردم تۆ بەڵێنت پێدام کە ئایندە گەشدارە بۆ من بێ ئەو گەوهەرە ناتوانم بژێم) ) . لەوەڵامدا پێی ووتم خەمت نەبێ تۆ سەیری ئایندە بکەو گەوهەرەکەت لە بیر دەچێت. ئەوە گەیشتمە... تاوەکو ئێستاش بیرم لای گەوهەرەکەیە؟ونە بۆم دێتەوە ونەدەتوانم من بچم بۆ لای گەوهەرەکەم. ساڵ هات و رۆیشت ژیانی من پڕ بوو لە بێبایەخی وناخۆشی هەروەکو کەسێکی شێت بە دوای عاقڵی ویڵا بووم. بۆ ئەوەی جارێکی تر بتوانم گەوهەرەکەم لەهەر شوێنێک بێت بیدۆزمەوە ومنیش لەگەردوونی بدزمەوە. شەوان بەئاهی ئەو گەوهەرەوە چاوەکانم پێکەوە دەنووساند ودەمگووت بشکەم بتوانم چاو بکەمەوە گەوهەرەکەم دۆزیبێتەوە لە شوێنێک وبیشارمەوە لە گەردوون. بەڵام بە داخەوە شاربەشار وبست بەبست گەڕام هەر نەمدۆزیەوە. دواجار پێیان گووتم گەردوون ئەو گەوهەرەی تۆ لای خۆی داناوە ولەجێگایەکی زۆر ئارامدایە منیش چەندین جار ویستم بچم بۆ لای گەردوون بۆ ئەوەی یائەوەتا گەوهەرەکەم بداتەوە تا ئەوەتا منیش لەتەنیشت گەوهەرەکە دابنێت. بەڵام سوودی نەبوو بەهیچ لە مەرجەکانم رازی نەبوو گەردوون تەنها قسەی خۆی زاڵ بوو بەسەرم دا وهەموو جاری دووبارەی دەکردەوە کە ئایندە گەشدارە بەڵام منی بەدبەختی سەرلێشێواو نازانم دان بەخۆمدا ناگرم وهەموو شتێک گوایە بە پەلە چارەسەر بکەم و وەریبگرم. نزیکەی.... ساڵە تێپەری گەردوون ئاوری لێنەدامەوە وەکو جاران قسە وگفتوگۆی لەگەڵ نەدەکرم ومنی لەو بیابانە تەنهاییە بەجێهێشت وئامادەی ئەوەی نەبوو قومی ئاوی سەبوریم پێببەخشێ وزۆر دڵرەقانە دەیروانیە من. ولێی پارامەوە کە هۆکاری ئەو زیز بوونەی پێم بڵێت وبۆچی وەکو جاران نامدوێت وقسەم لەگەڵ ناکات. رووم لە خواوەند کرد وپێم گووت: ( (ئەی خوای گەورە پێت دەڵێن میهرەبان وبەخشندە وەرە ناوبژیمان بکە لەنێوان من و گەردووندا. وببە دادوەرمان بۆ ئەوەی ئەم خەموکییەی من کۆتایی بێت وگەردوونیش گەوهەرەکەم بداتەوە وبۆ ئەوەی بگەم بەئایندە گەشەکە کە گەردوون بەلێنی پێدابووم) ) .

بەڵام خواوەند لەگەڵ گەردووندا ڕێکەوتن بۆ ئەوەی هیچ بەمن نەلێن وتەنها بروانن من وسەیرم بکەم وەکو شێت لە خامەم بدەن وجیهانیش ئاگادار بکەنەوە کە من کەسێکی خراپ و شێتم ومایەی دڵخۆشی نیم. چەندین ساڵ تێپەری دانم بەخۆمدا گرت بۆ ئەوی رێگەیەک بدۆزمەوە بۆ گەیشتن بەمەرامەکەم وگەردوونیش کاری لەسەر پیلانی خۆی دەکرد. بەڵام سالێکیان گەردوون هات وپێی گووتم گوهەرێکی جوان وخنجیلانەم بۆت داناوە وئەمەش بۆ تۆ ئیتر گەوهەرێکی نایابی پێ بەخشیم وپێی گووتم ئەمەتا گەوهەرەکەتم بۆ جوانتر وبچوکتر کردەوە ئیتر دڵت خۆش بێت. دواتر لەماوەیەکی کورتدا گەردوون سەر لێشواندم وئەو گەوهەرشی لێشاردمەوە وناهێڵێت بیبینم بۆ ئەوەی ئاگری دڵمی بۆ برێژم وهەندێ لە خەمەکانم سارد بکەمەوە وببێتە لوقمانی برینەکانم وگەردوون ئەمجارەشیان درۆی

لەگەڵما کرد ودڵمی بە یەکجاری لە ژیانە پر نەفرەتیەکەشم لەبەر چاوان کەوت. وچیتر باوەڕم بەو گەردوونە نەما کەدرۆی لەگەڵما کرد. هەرچەندیش چەندین جار لە گەڵ هاو رەگەز وگەردوون منیش درۆم کردوە. بەڵام هەرکیز وەکو ئەو ژیان ومەرگم بەکەس نەبەخشیەوە وەکو گەردوون بەمنی بەخشیوە. گەردوون لە ساتێکدا هەرزان جار مردنم پێنیشان دەدات وجارێک ژیان. نەئەوەتا دەهێلێت بمرم ونەدەیەوێت بژێم لەژێر سێبەری گەوهەرە بچوک وخنجیلانەکەم. گەر من وەکو حەزرەتی نوح دەڵێت ژیان بریتی بوو لای من لە چوونە ژوورەوە لەدەرگایەک وهاتنە دەرەوە لەدەرگای تر. بەڵام ژیان لای من چوونە نێو دۆزەخێکەک ولەوێشەوە چوونە ناو دۆزەخێکی تر. کە گەردوون لەسەرتای لەدایک بوونەمەوە ئەمەی پێ بەخشیم وهیچی تر.

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بلێم کە ژیان لای من واتا هیچ ژیانێک پڕ بێت لە مەینەتی وماتەم وناخۆشی دۆزەخیش ئەوەندەی تێدا نیە کە خواوەند باسی لێوە دەکات بۆ مرۆڤەکان. ژیان لای من هیچ تام وچێژێکی نەماوە وهەمیشە بۆنی مەرگی لێوە دێت ئەو مەرگەی کە لەدوای دزینی گەوهەرەکەمەوە تاوەکو ئەمرۆ گەردوون بۆنی مەرگی پێبەخشیم وگەوهەرەکەی تریشی لێم دوور کردۆتەوە.

گەوهەرەکەشم ئەویش لێم زیزە وبەقسەکانی گەردوون هەڵخەڵتاوە ونایەوێت بمدوێنێ وهەموو جارێ پێم دەڵێت گەردوون منی بۆتۆ دانەناوە. بەڵکو منی بۆ شتێکی تر داناوە منی بۆ ژیان لەپێناو کەسەکانی تر بەخشیوە منیش وەکو تۆ وێڵم بە دوای قومی ئاوی سەبووری. بەگەوهەرەکەم گووت وەرە پێکە سەر هەلبگرین برۆین بەرەو جیهانی وون ولەوێدا پێکەوە خەمەکانمان بریژین وجیهانێکی جوان وپر لە خۆشەویستی بونیات بنەیین. بەڵام گەورهەرەکەم هەردەم ترسی گەردوونی لەدلڕ دابو نەوەکو تورە بێت وزەفەری پێ ببات. چەندین جار لە گەوهەرەکەم پاڕامەوە کەنەترسێ لە گەردوون چونکە گەردوون ئەوەندە بەهێز نیە وپێکەوە دەتوانین لە گەردوون هەڵگەرێنەوە گەر بمانەوێ. چونکی ئەو گەردوونە خیاڵێکە خۆمان دروستمان کردووە. بەڵام بەداخەوە گەوهەرەکەم ئێستا لێم زیزە ومنیش بەدوای مەرگی خۆمدا وێڵم وئەمەوێت بۆ یەکجاری ماڵئاوایی لەگەوهەرەکەم وگەردوونە درۆزنەکە بکەم وماڵئاوایی لە گشت خەمە منداڵی وگەنجێتی ولاوێتیمدا بکەم و تەنانەت ماڵئاوایی لە جیهانەش بکەم کە بۆ ساتێک خۆشی پێنەدام وەکو بە خەڵکانی تری داوە. ئازیزان ئەمە دەقی ژیانی کەسێکە کە نووسینی ئەم سەربودەیە وێڵە بە دوای گەوهەرێک بەهەموو دڵێکەوە دەیەوێت وئەو گەوهەرەش گەردوون رێگەی پێنادات وەریبگرێت. کە گەردونێک خۆمان دروستمان کردبێت وخۆشمان لێی بترسین ونەوێرین وەکو مرۆڤـ ئاسا لێشی بروانین. لەم مەملەکەتی پر نەفرەتیەدا ژیانی کەسەکان بۆتە میزەڵانێک تەنها (با) ی تێدا دەکرێت بێ هیچ ئامانجێک. منداڵی من وگەنج وپیریم هەر بەچاوەروان کردنی ئایندەی گەش بەسەر برد بێ ئەوەی ئێستاش پێیبگەم.

**کوردستان – کەرکوک**
21/7/2006